## چاو پێکەوتنی دەنگەکان لەگەڵ بەڕێز مستەفای حەسەنە گەورە



**دەنگەکان: پاش دوجار سەردانەوەی کوردستان کەیسی دادگای هەباسی بایزی باڵواغا چ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە بینیوە لە کوردستاندا؟**

**مستەفا:**

سەرەتا ئەوە بڵێم کە شەرم دای ئەگرتم باس لە کەیسەکەی خۆم بکەم لە ماڵانێکی بێ کارەبا و ئاو، بێ نەوت و گاز بەم زستانە ساردوسڕە. حەزم دەکرد ئەو گیروگرفتە بنەڕەتی و زەروریانەی ژیانی خەڵکیش وەك کێسەکەی من جەنگ و دەعوای لەسەر هەڵگیرسایەو منیش یەکێك بومایە لەناو ئەو جەنگو دەعوایانەی ئەواندا. خۆم پێشتر لەناو ئەم واقعەدا ژیاوم و باش لە موعاناتی ئەو خەڵکە تێ ئەگەم. ئەم کەیسەی من ئیختیاری خۆمە و بردنە پێشەوەی نمونەیەك ئەخاتە بەرچاو بۆ سوربوون و کۆڵنەدان و پێداگرتن لەسەر داوای ڕەوای خۆمان، وە بەم پێیە هەنگاوێك ئەبێت بۆ چاوکردنەوەی خەڵکی، بەهێزکردنی وورەی جەماوەر و بەرزکردنەوەی ئاستی چاوەڕوانیەکانیان. هەرلەم بارودۆخەی ئەمڕۆی کوردستاندا دەکرێ دەست بۆ زۆرشت ببرێ و زۆر شت بەدەست بێت بەهێزی یەکگرتووی جەماوەر.

بەگشتی پێشکەوتنێك کە ئەم کێسەیە بەخۆیەوە بینیوە ئەوەیە کە ئەو سکاڵایانەی لەسەر ئەم کۆنە جاشە لە ساڵی 2003 وە تۆمارکراوە، ئێستا جارێکی تر زیندوو بوونەتەوە و لەگەڵ ئەو سکاڵا تازانەی بەدوای سکاڵا یاساییەکەی مندا تۆمار کراون ژمارەیان زیاتر لە 47 داوای یاساییە لەسەر ئەو کۆنە جاشە و هەر ئەمەش خۆی لە خۆیدا کردوویەتیە کێسێکی گرینگ و بەهێز کە سەرنجی دادوەرەکان و پارێزەرەکانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە تا بەجدی کاری لەسەر بکرێت.ئەڵبەتە کێسێکی ئاوا بە 47 داوای یاساییەوە دیارە کە کاتێکی زۆری دەوێت، هەر لەتۆمار کردنی داواکان لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکە وە بیگرە تا ئیفادەی شاهیدەکان و لێکۆڵینەوە و ساغ کردنەوەی بەڵگە یاساییەکان. لێرەدا من نامەوێت بچمە ناو ووردەکاری یاسایی ئەو پرۆسەوە کە ئەم کێسە بڕیویەتی، تەنها ئەوە ئەڵێم لە دواجاری چوونەوەمدا تەکانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە.

ئەم کێسەیە گەرچی لەڕێگەی پرۆسەیەکی یاساییەوە ئەڕواتە ڕێوە بەلام خۆی لەخۆیدا مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی– سیاسیە لە مرۆی کوردستاندا و سەرەتایەکیشە بۆ کێشکردنی ئەو تاوانبارانەی دەستیان سورە بەخوێنی ڕۆڵەکانی ئەم گەلە، بۆیە کاتێك باس لە پێشڕەوی ئەم کێسە ئەکەین ئەبێ وێڕای باس لە پێشڕەوی پرۆسە یاساییەکەی چاوێکیش بخشێنین بە پێشڕەوی ئەم کێسە لە مەودا کۆمەڵایەتیەکەشیدا. ئەم مەسەلەیە لە ئاستێکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتیدا دەنگی داوەتەوە، بەتاییەت لە ڕۆژنامەکانی چاپی کوردستان، و لایەنگری و هاوپشتیەکی مەعنەوی بۆ خۆی بەدەست هێناوە هەرئەمەش بۆخۆی نەك هەر بۆتە فشارێك بەسەر ئەم کۆنە جاشەوە بەڵکو بۆتە ئیحراجیەکیش بۆ ئەوانەی بەقسە باس لە پەیڕەوکردنی یاسا و دەوڵەتی یاسا ئەکەن و بەعەمەلیش داڵدەی ئەم کۆنە جاشەیان داوە و ئەمر ناکەن ئەم کۆنە جاشە مل کەچی یاسا بێت!

**دەنگەکان: باشە بەڕێزتان باس لەوە ئەکەن کە ئەم کۆنە جاشە لە ساڵی 2003 یەوە داوای لەسەر تۆمارکراوە، ئەی بۆچی تا ئێستا هیچ لێپرسینەوەیەکی لەگەڵدا نەکراوە؟**

**مستەفا:**

بەکورتی لەبەرئەوەی کوردسان کۆمەڵگەیەك نیە کە یاسا تیایدا سەروەر بێت. گەرچی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە و پێکهێنانی دەوڵەتی هاوبەشی هەرێم لە هەردوو حیزبی سەرەکی کوردستان، ئاڵوگۆڕێکی شکلی هاتۆتەدی بەلام لە ناوەڕۆکدا حیزب و گەندەڵی سیاسی و ئیداری سەروەرە لەمڕۆی کوردستاندا نەك یاسا. ئەم کۆنە جاشە لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێ چەند جار دادگا بەدوایا ناردووە بەلام ئامادە نابێت ئەگەر سەرۆك بارزانی ئەمر نەکات. ئەگەر لە وولاتێکدا یاسا سەروەر بێت ئەبێ سەرۆکی هەرێمیش مل کەچی یاسا بێت نەك لە سەرووی یاساوە بێت چ جایەکی کۆنە جاشێك کە دەستی سوورە بەخوێنی خەڵکانێکی تێکۆشەر لەو ڕۆژانەدا کە ئەمڕۆیان هێناوەتەدی.

من چەند جارێك هەم لەنامە کراوەکانمدا و هەم لە چاوپێکەوتنەکانمدا داوای ئەوەم کردوە کە پێویستە دادگایەکی سەربەخۆ هەبێت لە کوردستاندا کە هاوولاتیان و کەس و کاری قوربانیان لەڕێگەیەوە سکالای خۆیان بەرز بکەنەوە. لە دواین چاوپێکەوتنم لە تەلەفزیۆنی ڕۆژ تی ڤی نمونەی دادگای بالای تاوانەکانم لە بەغدا بەنمونە هێنایەوە. بەلام دیارە کە سەروەری حیزبایەتی ڕێگە بەسەروەری یاسا نادات. ئێمە هەوڵە یاساییەکانی خۆمان لەکوردستاندا پەرە پێئەدەین و هەوڵ ئەدەین ئەم کێسەیە ببێتە بەشێك لە پرۆسەی شکڵگرتنی سەروەری یاسا لەکوردستاندا. هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێم کە فرسەتی پەنا بردنەبەر دادگای بەغداشمان لەبەردەمایە تا وەك تەواوکەری دادگایی کردنی تاوانبارانی سەرەکی، تاوانبارە ناوچەییەکانی وەك ئەم کۆنە جاشەش دادگایی بکرێن. ئەمە جگە لە فرسەتی دادگای نێودەوڵەتیش بۆ کێش کردنی ئەو کۆنە جاشە وەك تاوانبارێکی جەنگی.

**دەنگەکان:**

**دەنگوباسی ئەوە هەبوو کە هەوڵی تیرۆرکردنت دراوە؟**

**مستەفا:**

کاتێك لە چاوپێکەوتنی بەرنامەی پێشاژۆی ڕۆژ تی ڤی ڕامگەیاند کە دوای دوو ڕۆژی تر ئەگەڕێمەوە کوردستان بۆ بردنە پێشەوەی ئەو سکالا یاساییە دژی ئەو کۆنە جاشە، بەر لە گەڕانەوەم بەتەلەفۆن لە کوردستانەوە پێیان ووتم، کە ئەمجارە هەوڵی تیرۆرت ئەدەن و ئەو سەرۆك جاشە ووتوویەتی کە ئەم جارە ناهێڵێت بەسەلامەتی بگەڕێمەوە ئەوروپا.
پەندێکی پێشینیان هەیە دەڵێ مرۆڤ دەست بکات بە کونی مارادا ئەبێ چاوەڕوانی ئەوەش بێت کە مار بیگەزێت. منیش لەناو تەویلەی جاشاندا ئەمەوێ جاشێکی سەرکەش و ملهور بەپێی یاسا لغاو بکەم و بیهێنمە ژێر باری یاساوە، جا ئەبێ چاوەڕێی "لوشکە" و "لەقە" و "جووتە" بم. تۆ بتەوێت کۆنە جاشێك کێش بکەیت بۆ دادگا و میدیاکان پڕ بکەیت لە هەواڵی تاوانەکانی ئەو و ناوی قوربانیەکانی دەستی ئەو. وەئەوە کاردانەوەیەکی ئاسایی کەسێکی خوێنڕێژە کە بیر لەترۆری سکالاکەران بکاتەوە نەك بیر لە بەرپەچدانەوەی یاسایانەی سکالاکەران بکاتەوە. بەلام ئەوەی جێگەی سەرنجە بڕی ئەو پارەیەیە کەلە سەرۆکی هەرێمی وەرگرتبوو بۆ پێکهاتنەوە (سوڵح)ی عەشایەریانە لەگەڵ کەس و کاری قوربانیاندا و بەشێك لەو پارەیەی تەرخان کردبوو بۆ کوشتنی من. بەلام بەر لە هەر هەنگاوێکی ئەو لەو بوارەدا ئێمە پەردەمان هەڵدایەوە لەسەر نەخشەو پلانە گلاوەکەی و پوچەڵمان کردوە.[من لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە 215 بەرواری 27 /1-2007 ئەم مەسەلەیەم ڕونکردۆتەوە].

**دەنگەکان:**

**باسی بایەخدانی ڕۆژنامەکانی کوردستانت کرد بەم کێسەیە، دەکرێ کەمێك باس لە ڕەنگدانەوەی ئەو مەسەلەی بکەیت لە میدیای کوردستانیدا؟**

**مستەفا:**

دەتوانم بڵێم کە ئەوە یەکەم جارە لە کوردستاندا کێسێکی یاسایی بەو جۆرە گەورە و بە ئەبعادێکی کۆمەلایەتی-سیاسییەوە بخرێتەڕوو، بەلام لەگەڵ ئەوەشا کە ئەم کێسەیە ئاوایە ئەگەر میدیای کوردستان نەبا وەك دەیان هەزار کێسی تر لە سکالای یاسایی ئەکەوتە ناو گۆمەوە و کەسی لێ ئاگادار نەئەبووەوە. دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەتایبەت ئەوانەی غەیر حیزبی دەورێکی کاریگەر و بەر چاویان گێڕاو ئەگێڕن لەو مەیدانەدا. دەتوانم بڵێم کە بەردەوام هەواڵەکانی ئەم کێسە لە زووربەی ڕۆژنامەکاندا بلاو دەبێتەوە، پەیامنێری ڕۆژنامەکان هەمیشە لەبەردەم دەرگای دادگادا و بەردەوام چاوپێکەوتن لەگەڵ کەس و کاری قوربانیان ئەکەن و هەواڵی تازە بلاو ئەکەنەوە. هەروەها جارجارەش کۆنەجاشی ناوبرا و دەدوێنن و ئەویش بەکەیفی خۆی ئەکەوێتە ورێنەکردن و هەروەدەزانێ زەمانی بەعسە و سەرۆك جاشە، و لەم دواییانەشدا کەوتۆتە هەڕەشە لە نوسەران و ڕۆژنامەوانان پێیان دەڵێت ئاگاداری قەڵەمەکانیان بن. ناهەقیشی ناگرم کە هێشتا هەر خەیاڵی ئەو سەرۆك جاشیەتیەی زەمانی بەعس بەری نەدابێت، چونکە ئێستا لەسایەی سەرۆکی هەرێمدا هەمان نازونیعمەتی بۆ پارێزراوە.

**دەنگەکان :**

**سەرەتا بە نامەیەکی کراوە و ڕاگەیاندنی سکاڵای شەخسی خۆت لە تۆمەت بار هاتیتە مەیدان بەڵام ئێستا کێسەکە بۆتە هەوڵدان بۆ کێشکردنی سەرۆك جاشەکانی تریش بۆ دادگا، ئەم مەسەلەیە چۆن چۆنی وا پەرەی سەند؟**

**مستۆ :**

**ڕاستە من سەرەتا لە مەسەلە شەخسییەکەی خۆمەوە دەستم پێ کرد، چونکە بە پێی یاساکانی دادگای عێراقی و کوردستانی ئەبێ کەسێك کە سکاڵا تۆمار ئەکات خۆی زەرەرمەند بوبێت، بەڵام ئەم کۆنە جاشە هەر تاوانی دەرهەق بە خانەوادەی من نەکردوە بەڵکو دەیان تاوانی کوشتن و بەگرتندان و لەسێدارەدان و شکەنجەو ....هتدی دەرهەق بەخەڵکی تریش کردووە، منیش وەك شاهید حاڵێك کە ئاگاداری بەشێکی زۆر لەتاوانەکانی بووم کەس و کاری قوربانیان هەردوای نامەی یەکەم پەیوەندیان پێوەکردم و ناوی قوربانیەکانیان بۆ ناردم و ئامادەگی خۆیان دەربڕی بۆ هاوکاری و سکاڵا تۆمارکردن، وە بەعەمەلیش سکاڵاکانی خۆیان تۆمار کرد. لەو نێوەدا زانیمان کە کەسانی تریش پێش ئێمە سکاڵایان تۆمارکردوە لەسەری بەم شێوەیە بەزیندووبوونەوەی سکاڵاکۆنەکان و هوروژمی دەیان سکاڵای تازە کێسەکە چوە ئاستێکی فراوانترەوە و لەمەسەلەیەکی شەخسی من واوەتر چوو.**

**یەکێك لە ئامانجەکانی ڕێکخراوی "چاك" بەدادگا گەیاندنی تاوانبارانی ئەنفالچی و کۆنە سەرۆك جالشەکان و بەعسیەکانە ئەوانەی دەستیا هەبووە لە تاوان دەرهەق بەخەڵکی کوردستان. ئەم کۆنە جاشەش یەکێکە لەو تاوانبارانە، بۆیە ڕێکخراوی چاك هاتە پشت ئەم کێسەیەوە. هەرچەندە من خۆم ئەندامێك و هەڵسوڕاوێکی ئەو ڕێکخراوەم بەڵام ئەو ڕێکخراوە لەبەر شەخسی من ئەوکارەی نەکردوە بەڵکو بە پێی پەیڕەو بەرنامەی خۆی هەڵساوە بەم کارە واتە هەتا ئەگەر پەیوەندی بەمنیشەوە نەبوایە چاك هەر هەمان هەڵوێستی ئەبوو. هەروەك لە کێش کردنی تاوانباران نزار (خەزرەجی) لەدانمارك و بازرگانی چەکی کیمیایی فرۆش (فرانس ڤان ئانرات)ی لە هۆڵەندا کێش کرد بۆ دادگا. هەروەها ئەوەشمان بیر نەچێت کە پێشتر ڕێکخراوی چاك لیستێك لەناوی سەرۆك جاشەکان کە بەشداری ئەنفالیان کردوە بڵاو کردۆتەوە و ڕایگەیاندوە کە ئەبێ ئەمانە بدرێنە دادگا، بەم پێیە پەرەسەندنی ئەم کێسەیە ئاسۆیەکی عەمەلی خستە بەردەم ئێمە کە هەوڵ بدەین سەرۆك جاشەکانی تریش کێش بکەین بۆ دادگا. بۆیە هەر لێرەوە ڕای دەگەیێنین کەسوکاری قوربانیانی دەستی ئەم کۆنە سەرۆك جاشانە لەهەر کوێیەکی کوردستانن بێن سکاڵای یاسایی خۆیان تۆمار بکەن و ڕێکخراوی "چاك"یش بە هەموو شێوەیەك هاوکارییان ئەکات.**

---

بابەتەکانی پەیوەند بەم باسەوە :

1– عەباس بایز: لەسەر"چاودێرو هەواڵ"یاداشتێک ڕادەگەیەنێ‌وهەرەشەی ئاشکراکردنی زۆرنهێنی دەکات .( کوردستان نیوز)

2– کێشەی نێوان (مستەفا حەسەن گەورە) و ( عەباس بایز باڵۆغا) لەبەردەم دادگاکانی کوردستاندا . ( هەواڵ)

3– گێژاوێکە ئەم جارە لێی دەرباز نابین ... ( هەواڵ)

4– نامەکانی مستەفا حەسەن گەورە بۆ سەرۆکی هەرێم .